# هەردوو وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان و عێراق جەختیان لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردەوە




لەچوارچێوەی هاریکاریکردنێکی پتەو و دانانی بەرنامەیەکی تێرو تەسەل لەمیانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بەغدا رۆژی ٢٠٠٧/٧/٢١ بۆ دانانی میکانیزمێکی کارکردن لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لەدیوانی وەزارەت بەڕێز د۰شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەبەڕێز (وجدان میخائیل) ی وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی کرد۰

لەم دیدارەدا کەزیاتر لەسەعاتێکی خایاند هەردوولا جەختیان لەسەر هاریکاریکردن و گۆڕینەوەی بیروڕاو پسپۆڕانی بوارەکانی مافی مرۆڤ کردەوە کەئەمڕۆ لەم وولآتە بۆتە مەسەلەیەکی گرنگ و هەنووکەیی و جێگای مشتومڕی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوەوەو دەرەوە۰

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان بەدرێژی باسی لەو کارو چالاکیانە کرد کە لەماوەی سالێکی کارکردن لەم وەزارەتە کراوە بەتایبەت لەڕووی بەردەوامی چاودێری کردنی رەوشی بەندیخانەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی هاتوونەتە ئاراوە بەدانانی (داواکاری گشتی) لەبەندیخانەکان کەجاران نەبوو و ببوە هۆی دواکەوتنی دادگایی کردن و
مانەوەیەکی زۆری زیندانیان بەبێ دادگایی کردن ۰

هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە لەم دواییانەدا (٥٢٠) زیندانی سوودیان لەم لێبووردنە گشتییە وەرگرتووە کە لەمانگی تەمموزی ئەم سالٚ دەرچووە۰

باسی لەم راپۆرتەش کرد کە رێکخراوی چاودێری جیهانی مافەکانی مرۆڤ بلآویان کردەوە و دەست نیشانی ئەوەشی کرد کە ئەم راپۆرتە لەسالٚی ٢٠٠٦ ئامادە کراوەو ئاماژە بەدوای ئەم بەروارە نەدراوە کە گۆڕانکاری لەرەوشەکەدا هەیە لەبەرامبەر داخاتوو وجدان میخائیل وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی ئەم سەردان و لێك نزیك بوونەوەی بەهەنگاوێکی گرنگ وەسفکرد وباسی سەردانەکانی خۆی کرد بۆ بەندیخانەکانی (کرکوك و سلێمانی و سوسێ) و لەم بارەیەوە کۆمەڵێ بیرورا ئالو گۆڕکرا ئاماژەشی بەوە دا کە لەگەڵ لێپرسراوانی ئەم بەندیخانانەدا بەدرێژی باسی پیرۆزی مافی مرۆڤی کردووە و داوای کردووە کەدەبێت بەشێوەیەکی رێك مافەکانی مرۆڤ لەم شوێنانە بپارێزرێت۰

لەلایەکی دیکەوە هەردوو لا باسیان لەدیاردەی ڕەشە کوژی ژنان کردوو د٠شوان ڕوونی کردەوە کەئێستاکە لەکوردستان هەنگاوی گرنگ و عەمەلی نراوە بەتایبەت لەنێوان وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و دادو ناوخۆ و ئەوقاف و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و هیوای ئەوە هەیە کە ئەم دیار دەیە کەم بێتەوە ٠

جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت چارەسەریەك بۆ ئەم منداڵە بچووکانە بدۆزرێتەوە ئێستا لە بەندیخانەکان لەگەڵ دایکیاندا دەژین چونکە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی مرۆڤایەتییە ٠

دواجاریش لەسەر ئەوە کۆك بوون کە لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوو وەزارەت دابنرێ بۆ ئەوەی ڕۆژانە زانیاریەکان بگۆڕدرێنەوە هەردوو لاش بەشداربن لەو خوولە ڕاهێنانانەی کە لە ناوەوەو دەرەوەی وولات دەکرێتەوە تا بەیەك دەنگ لە هەموو کۆنگرەو سیمینارەکانیش بەشداری بکەن ٠

لەم دیدارەدا ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی هەردوولا ئامادەبوون٠

